وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا پشتیوانی لە دەرکردنی لایەنگرانی حەماس کرد

وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا، نانسی فیزر ڕایگەیاند، کە پشتیوانی لە دەرکردنی لایەنگرانی گروپی (تیرۆریستی) حەماس لە ئەڵمانیا دەکات و جەختی لە بەکارهێنانی هەموو ئامرازە یاساییەکان کردەوە بە بەدیهێنانی ئەو کارە، لە کاتێکدا سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا هەشداری دا لەوەی بە شێوەیەکی هەڵەمەکی حکومەتی ئەڵمانیا تەمەتبار بکرێت.

وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا، نانسی فیزر پشتیوانی خۆی بە دەرکردنی لایەنگرانی حەماس لە ئەڵمانیا ڕاگەیاند، فیزر ڕۆژی یەکشەممە (15ـی تشرینی یەکەمی 2023) بە ڕۆژنامەی Sonntag am Bildـی ئەڵمانی ڕاگەیاند: "هەموو ئامرازە یاساییەکان بەکاردەهێنین بە دەرکردنی لایەنگرانی حەماس".

شایەنی باسە کە وڵاتانی ئەڵمانیا، ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە حەماس بە ڕێکخراوەکی تیرۆریستی دیاری دەکەن.